www.kurdistannet.org
12/07/2003 12:53

# بەڕێز جەنابی مام جەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)
# بەڕێز جەنابی كاك مەسعود بارزانی سەرۆكی (پ.د.ك)

**دەگەڵ ڕێزو سڵاوماندا. . . . . .**

وەک دەزانن روخانی رژێمی سەدام وجێگیربوونی هێزی هاوپەیمانان لە عێراقدا، دەرفەتێکی زێرینی مێژووییە بۆ گەلەکەمان تا ئازادانە ویست وداخوازیە رەواکانی خۆی بخاتە ڕوو، ئەمەش بە یەکڕیزی و هاوهەنگی نێوان لایەنە سیاسیەکان و جەماوەر بە ئاکام دەگات. لەم پێوەندیەدا

بەرپرسیاریەتی مێژوویی لە ئەستۆی هێزە سیاسیەکانی کوردستانە. بەتایبەتی PDKو PUK وەک دوو هێزی گەورە و دەستەڵاتدار لە چارەنووسی گەل ونیشتمان بەرپرسیارن و نابێ ڕێگا

بدەن ئەم دەرفەتە لە دەست گەلەکەمان بڕوات، چونکە مێژوو سەڵماندویەتی ئەم دەرفەتانە بە

هاسانی و بە زوویی پەیدا نابنەوە، بۆیە ئێمە رووی داوامان لە ئێوەی بەرێز دەکەین و دەخوازین. . . . .

١ـ حکومەتی یەککگرتووی هەرێم ڕابگەیەنرێت و چیتر دوا نەخرێت.

٢ـ لایەنی کەم فیدراڵیەتی کوردستان بە سنووری مێژوویی خۆیەوە بناسرێت.

٣ـ کێشەی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستاندا (ویلایەتی موسڵ) وەک کێشەی گەلێکی خوازیاری ئازادی و سەربەخۆیی لە گەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا بهێنرێتە ئاراوە و ئەو راستیە بخرێتەوە ڕوو کە بەبێ ویست و پرسی گەلەکەیەوە بە عێراق لکێنراوە.

٤ـ پێشنیار دەکەین بەرێزتان خاوەنداریتی لە دۆزی کوردستاندا بکەن و بە یەکپارچەیی خاکی عێراقی مەبەستنەوە، مەبادا لەنێو باهۆزی عێراقچێتیدا دۆزەکەمان وون ببێت.

٥ـ کوردیش وەک گەلانی دیکە مافی خۆیەتی لە ریفراندۆمێکی ئازاددا بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، پێویستە ئەم مەسەلەیە لە گەڵ هاوپەیمانان و لایەنە پەیوەندارەکان بخرێتە بەر

باس و کاری بۆ بکرێ.

٦ـ مانەوەی یەکەکانی سوپای تورک لە باشوری کوردستاندا بەزیانی گەلەکەمان تەواو دەبێ

و پەرلەمانی کوردستانیش داوای دەرچوونی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەنگاوی کردەیی بهاوێژرێ و چیتر ڕێگە نەدرێ لە ژێر بیانوی جۆراو جۆردا درێژە بە سیاسەتی دوژمنکارانەی خۆیان بدەن و ئاژاوە و پەشێوی بنێنەوە.

٧ـ زەمینە سازی بۆ پرۆسەی سەرژمێری گشتی و بەرێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێ.

لە گەڵ ڕێزماندا

٦. ٧. ٢٠٠٣ ستۆکهولّم کۆمیتەی ئامادەکاری

ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان

١ـ پارتی سەربەخۆیی کوردستان. . PSK

٢ـ حزبی رزگاریی کوردستانRPK . .

٣ـ پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان. . PKSK

٤ـ پارتی یەکێتی کورد لە سوریا Yekiti

www.kurdistannet.org کوردستان نێت